روانگە

# لە یاساشدا (حاشا حازری) هەر هەیە



پارێزەر/ ئەردەلان ئەحمەد رەشید

هەڵبەتــە وایە ئەی ئەگەر وا نییە، بۆچی یاســا بەســەر ئەو کەســانەدا ناسەپێندرێت و کە جێبەجێکەری یاسان و پێشێلی دەکەن. خۆ ئەگەر باوەڕ ناکەن رەنگە بە چاوی خۆمان هەندێک لە برایانی پۆلیســی هاتوچۆتان دیبێت کە موجامەلەی کەسی دۆسـت بە خۆمان دەکەن لەسەر حســابی پێشێلکردنی یاسا هاتۆچۆ، بەبەرچاوی ئەو هەموو شــوفێر و هاووڵاتییانە و هیچ گوێشــی پێنادەن چونکە لای ئەوان لە یاسادا (حاشا حازری) هەیە! یان ئەگەر هاتوو خوانەکردە کارێکتان کەوتە یەکێک لەو فەرمانگانەی حوکومەتی هەرێمی کوردســتان کە قەرەباڵغیان لەسەرە کە هەمووان بە پێی یاسا، دەبێت بەڕێز راوەستن تەنیا ئەو کەســانە نەبێت کە کەسێکی ناســیاویان لەو فەرمانگەیە هەیە، ئەوا راســتەوخۆ پێش بەڕێزتان دەخرێن چونکە ئەوانە برگەی ( حاشــا حازری) دەیانگرێتەوە. ئــەی نەتانبینیوە لە پڕێک کەسیک بە ( کون فەیەکون) ێک پۆستێکی ئێجگار گەورە و هەســتیار وەردەگرێت بەبێ ئەوەی هیچ مەرجێکی وەرگرتنی ئەو پۆســتەی تێدا بێت، تەنیا ئەوە نەبێت کە برگەی (حاشــا حازری) دەیگرێتەوە چونکە خزمی خۆمانە..! بەرێزم خۆ ئەگەر هاتوو خوا بەختی دای و ناوت کەوتە لیستی وەرگرتنی زەوی، ئەوە بێگومان دەبێت بە پێی یاســا بە (تیروپشک) زەویەکەت بۆ دیاری بکرێت، بەڵام خۆ ناکرێت کاک فلان کە خزمی فلانی خۆمانە داخیلی تیروپشــکی بکەین، بۆیــە زەویەکی دەدەینێ بایی (١٠) بارتەقای زەویەکەی بەرێزتان بێت، هیچ نیگەرانیشی پێناوێت کاکە، چونکە ئەو برگەیە شمولی ئەو دەکات و شمولی بەڕێزت ناکات. ئەوجا بابێینە ســەر یاســا پڕ بەهاکەی تازەی پەرلەمانی کوردســتان ســەبارەت بە قەدەخەکردنی ( جگەرە کێشــان) لە شوێنە گشــتییەکان و فەرمانگەکانی حوکومەتی هەرێم، باشبزانە ئەوەش شــمولی ئێمەی وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و بەرێوەبەر و تەنانەت بەرێوەبەری بەشەکانیش ناکات، چونکە ئێمە کەســی یەکەمین و (حاشــاحازری) دەمانگرێتەوە بەڵام ئێوەی هاووڵاتییانی بەڕێز و پایە بەرز دەبێت و پێویستە لەســەرتان پابەند بن بەم یاســایەو هەموو یاساکانی دیکەش، چونکە هەموومان ئەو راســتییە دەزانین کە پێشــکەوتنی هەر وڵات و گەلێک، بەندە بەرێژەی پابەندبوونیانە بە یاساوە.